هەلیکۆپتەرێک کە بەشداربوو لە کوژاندنەوەی ئاگر لە تورکیا کەوتە ناو تانکێکی ئاوەوە

وەزیری کشتوکاڵ و دارستانی تورکیا، ئیبراهیم یومەکلی ڕۆژی یەکشەممە (1ـی ئەیلولی 2023) ڕایگەیاند، هەلیکۆپتەرێک کە بەشداربوو لە کوژاندنەوەی ئاگر لە پارێزگای ئیزمیری تورکیا کەوتە ناو تانکێکی ئاوەوە و ئەندامێکی تیمەکەش ڕزگارکراوە".

وەزیری کشتوکاڵی تورکیا لە هێزماری فەرمی خۆی لە" ئەکس" ڕایگەیاند، "دوای پشکنین، زانیمان کە هەلیکۆپتەرەکە کەوتە خوارەوە و کەوتە ناو تانکێکی ئاوەوە، کە لەوەوە ئاو هاتەکشت بە کوژاندنەوەی ئاگری دارستانێک لە ناوچەی مەندەرس"، یوماکلی لە ماڵپەڕی "ئەکس"دا وتیشی، "پۆلیس و پاسەوانی کەناراوەکان و بەڕێوەبردنی کارەساتەکان بەشدارن لە ئەپەراسیۆنی گەیان و ڕزگارکردندا، وتیشی یەکێک لە ئەندامانی تیمەکە ڕزگارکراوە لە کاتێکدا تیمەکانی ڕزگارکردن بەدوای سێ کەسی دیکەدا دەگەڕێن".